## بزمارەکانی خالید مەجید فەرەج

### برادەرێکی گەندەڵ....................

هەرجارێک بچوایەتەوە وولآت لەسێ مانگ کەمتری پێنەچوو ،ئەوجارەی دواییان کەهاتەوە، پێم ووت خالۆ سەفەرێکی خۆش بوو ئینشالله ، ووتی کورە تێی هەڵدە، وەڵاهی ئەوەی من بینیومە یاخوا تۆو عازیزت قەت نەی بینن ، ووتم خێر چیبووە؟ ووتی ئەو وولآتە هیچی بەسەر هیچەوە نەماوە، نەرێز نە ئیحتیرام ،هەمووی بووە بەپارە، ووتم ئێ ئەوە مەعلوم و ئاشکرایە ، چی تازە هەیە؟ ووتی جابرا بڵێ چی نیە ،گەندەڵی گەیشتۆتە بیناقاقا، بۆتا ئێوارە لەو دایەرەو خەستەخانەو گوزەری مەسئولینانە بگەڕێی بۆ دەرمانیش کەسێکی پاک و موخلیست چنگ ئەکەوێ، ووتم لاحول وەلا قووەتە ،ئەی چار؟ ووتی وەڵلا تازە چاری نەماوە، کاکە گەندەڵیەکە بە جۆرێکە کاری لە ئێسقان کردووە ، ووتم ئەی باشە خۆ نابێ وازی لێبێنین ئاخر سبەینێ ئەو نەختە ئازادیەشی کە هەمانە ئەخاتە مەترسیەوە ، خۆ ئەوەی کە ئێستا دزی ئەکا ،یان رەشوەت وەکو شۆربا هەڵئەقوڕێنێ، سبەینێ دوژمنان بەپارە ئەیکەن بەماستی مەیو، و لەحەمرینەوە هەر بە کۆڵ ئەیان هێنێتەوە هەولێرو سلێمانی ، نا نا ئەبێ چارەسەرێک بۆ مەسەلەیە بەپەلە بدۆزرێتەوە ، باشە تۆ بەحوکمی ئەوەی ساڵی چوار کەڕەت سەردانی خاکی شیرینی وولآت ئەکەیت، و لە نزیکەوە ئاگاداری وەزعەکەی پێشنیازت چیە ؟ ووتی وەڵا کاکە بۆی مەگەڕێ چار تەنها پاک سازیە، لێدان وڕاماڵینی ڕەشوەت خۆران و ڕەشوەت وەرگرانە، دەرکردنی ئەوانەیە کە ناویان بە فەرمان بەر نووسراوەو پارە وەر ئەگرن و دەوامیش ناکەن، هێنانە خوارەوەی زۆر لە مەسئولەکانە لەسەر کورسی مەسئولیەت. پێم ووت ، وەڵاهی وات لێ کردم بلیتێک ببڕم و بەیانی سواری تەیارە ببم و بڕۆمەوە تاوەکو خۆشم بە چاوی خۆم لە نزیکەوە ببینم، ووتی بۆ نا وەڵا لێی مەوەستە، لەو دەقەیا بیرم کەوتەوە ووتم ئاخ ئاخر من ئیش ئەکەم ناتوانم هەر لەخۆمەوە بڕۆمەوە، دواتر دەرم ئەکەن، ئەبێ مۆڵەتی لانی کەم مانگێکم هەبێ، ئەوەشیم نادەنێ چوونکە مۆڵەتم نەماوە ،بەڕاست تۆ چۆن ئەتوانی ساڵی 10 مانگ لەکوردستان بیت، ئەی پێت ناڵێن ئەبێ ئیش بکەی؟ خۆ لەوەتەی من لە خارجیم تۆشی لێیت ، ووتی کاکە تۆ لە کوردستانیش هەر فەقیر بوویتو ئالێرەش(گێل)، ووتم چۆن ووتی بەساقە ئەگەر بۆ حاڵی خۆت ووریا نەبی ناتوانی بژیت، ووتم ئێستاش تێنەگەیشتم، بەکوردی پێم بڵێ، ووتی بەکوردیەکەی من کونەکەیم دۆزیوەتەوە، ووتم کونی چی؟ ووتی ئەوشوێنەی کە پێم ئەڵێ ئیش بۆ ناکەی کەسێکی لێیە خۆی مەسئوولە هەرجارێک کە ئەڕۆمەوە لەوێوە دیاریەکی خنجیلانەی بۆ ئەهێنم،ووتم دیاری! ووتی ئەی چی بکەین خاڵە ئەبێ چەوری کەین ، ووتم وەڵا باوکم ئەوەی تۆ کردووتە کەس نەی کردووە ، ئەمانەی ئێرەشتان فێری بەرتیل خواردن کرد ،خۆتۆ ئەڵێی لە ریزی پێشەوەی موعاریزنی گەندەڵیم ؟ ووتی بۆ هیچ گومانێکت هەیە لەوە؟ ووتم نەوەڵلا، بەڵام هەروەکو خۆت هەموو جارێک ئەفەرموویت من نەختێک درەنگ تێئەگەم، بۆیە پرسیار زۆر ئەکەم، ووتی خۆت ئەزانی من چەن دژی گەندەڵیم، ووتم سەیرە! ووتی سەیر نیە، لە کوردستان نەک لێرە. ووتم دە بێقەزابی وابڵێ، ئێستا تەواو حاڵی بووم، ووتی چاوەکەمی.

نوفمبری2006